ئومەد محەمەد:لیوای بیست لەناوەڕاستی مانگی 12 دەست بەکارەکانی دەکات

ئومەد محەمەد ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ،ئەمە چوارشەممە ڕایگەیاند لیوای بیستی هاوبەش لەناوەڕاستی مانگی 12 دەست بەکارەکانی دەکات.

محەمەد لە لەدوانەکیدا بە ئاژانسی (موتەع) ڕایگەیاند:"لیوای بیستی هاوبەش هیچ کێشە وبەربەستێکی یاسایی نەماوە ولەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق لەپێوەندی بەردەوامداین ئەوانیش جێختیانکردووە کەلەناوەڕاستی مانگی 12 ئەو لیوایە بەتەواوی دەست بەکارەکانیان دەکەن ".

ئاماژەی بەوەکرد"ئەو لیوایە مووچەیان بە تەرخانکراوە لەبوودجەدا و سەرجەم ڕەکارەکانیان تەواو بووە و لەسەرەتای مانگی 12 دەست بەجێ بەجێکردنی ئەرکەکانیان دەکەن".